کوردلاین ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان
WWW.KURD-LINE.COM

ژمارە : KL101

مێژوو: 2004.07.26

بـۆ بەڕێز باوکی دیلمان

بـــابـــەت پێشنیار

بەڕێز باوکی دیلمان من کاتێك نوسراوەکەی تۆم خوێندەوە لە سایتی کوردستان نێت وام بە باش زانی پەیوەنیت لەگەڵ ببەستم تاکو چەندزانیاریەك دەربارەی منداڵەکەت بزانم تاکو من لـــــە سویسرا ئەو کوردانەی دەیانناسم لەم کێشەیە ئاگاداریان بکەمەوەو بۆچونیان دەربڕن بۆ ئەو یارمەتی‌یەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن تاکو نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت جا بۆ ئەم مەبەستە بەڵکو وەڵامم بدەیتەوە کە ئایا بێ کێشەو پارە لێ بڕان چەندی پارەدەوێت بۆ ئەو نەشتەر گەری‌یە تامن لێرە چ بەنامەناردن بۆ کوردەکان چ بە تەلـــەفۆن ئەم هەواڵەیان پێ ڕابگەیەنم من وەك خۆم ناتوانم مەسئولیاتی هەموو پارەکە بخەمەئەستۆی خۆم چونکە باری ئابوریم لەو ڕادەیەدا نی‌یە کەبتوانم پارەی نەشتەرگەری یەکە بدەم بەڵام هەرکەسێك بەشدار دەبێت لەم هاوکاری‌یە دا من بەزیادەوە بەشدار دەبم بۆ یە بۆم بنوسە کە چەندی پارە دەوێت وە هەوڵ بدە بەدۆلار بۆم بنوسە وە بەداخەوە بۆ هەردوو حکومەتەکە ئەو پارەیەی لە مزگەوت دروست کردن داسەرفی دەکەن بەشی ملیۆنەها نەشتەرگەری ئاوا دەکات وە لەپاشە ڕۆژدا کوردپەروەرێك دەبێت نەك بۆ مزگەوت یان مەسئولینی مل هوڕ ئەمەی ئێمە دەیکەین کاری ئێمەنیە ئەوە کاری حکومەتی کوردستانە بەهەرحاڵ کوردستان هەروا دەبێت تا ڕۆژێك دەیکەینە کوردلاند .

لەگەڵ ڕێزماندا........

بەرپرسی کوردلاین